# له ئه‌مێریکا ده‌رمانی Losartan یان دژی جه‌ڵته‌ی مێشك په‌سه‌ند کرد

کاربه‌ده‌ستانی ئه‌مێریکا ده‌رمانی Losartan=Cozaar یان په‌سه‌ند کرد له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌و که‌سانه‌دا که‌ به‌رزه‌ په‌ستانی خوێنیان هه‌یه‌ یان سکوڵه‌ی چه‌پیان گه‌وره‌ و فراوان بووه‌ ده‌رمانه‌که‌ ده‌توانێت جه‌ڵته‌ی مێشك رابگرێت و نه‌هێڵێت روو‌بدات . هۆی په‌سه‌ندکردنی ده‌رمانه‌که‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ توێژینه‌وه‌یه‌کی فراوان به‌ ناوی Life-Study و له‌و باسه‌دا کاریگه‌ری Cozaar له‌گه‌ڵ کاریگه‌ری ده‌رمانی دی وه‌ك Atenolol, Tenormin به‌راورد کراوه‌ .

به‌ پێی ئه‌نجامی توێژینه‌وه‌که‌ Losartan=Cozaar له‌ 25٪ مه‌ترسی تووشبون به‌ جه‌ڵته‌ی مێشك له‌و دوو نه‌خۆشییه‌دا که‌م کردۆته‌وه‌ . هاوکات هیچ جیاوازییه‌ك له‌ مه‌ڕ مه‌ترسی تووشبوون به‌ جه‌ڵته‌ی دڵ و مردن به‌ نه‌خۆشییه‌کانی بۆرییه‌کانی خوێن تۆمارنه‌کراوه‌.

سه‌رچاوه‌

1.www.dagensmedicin.se 050902 ©